*Journal of Language Studies.* Vol.7, No.3, 2023, Pages (62-82)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/lang.7.3.4

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Mental processes and understanding of text structure

**M. Awat Ahmad Mohammed Saleh***
**Saladin University**
**awat.m.sailh@su.edu.krd**
**&**
**Prof. Abdulwahid Mushier Mahmoud Dizayee**
**Saladin University**
**abdulwahid.mahmood@su.edu.krd**

**Received:** 3 / 6 /2023 , **Accepted:** 23 / 7 /2023, **Online Published: 30 /11 / 2023**

© This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

The title of the research is (Mental processes and understanding of text structure) Mental processes are the events that go on in the brain from the time stimuli enter until the moment decisions are made and reactions to stimuli.

We understand linguistic expressions in some way every day without realizing how this process is done. In understanding the text, the reader seeks to understand the intention of the sender, and this process is done in the mind. It depends on the individual's ability and scientific background

Every individual is governed by the mind and our thoughts are evaluated by the mind, and the mind controls our decisions, so understanding this process expands our horizons of thinking and saves us from many problems.

* **Corresponding Author**: Awat Ahmed, **Email:** awat.m.sailh@su.edu.krd
**Affiliation**: Saladin University - Iraq

In this article, it is assumed that the area responsible for understanding plays a role in understanding, so our understandings will be different in the text. The second part is about the brain and understanding the text in a practical way with the conclusion and summary of the discussion in Arabic and English.

**Key Word :** Mental Operations, Text-Discourse , newro Pragmatics.

# العمليات العقلية وفهم بنية النص (دراسة تداولية عصبية)

**م. اوات احمد محمد صالح**

**جامعة صلاح الدين**

**&**

**أ. عبدالواحد مشير محمود**

**جامعة صلاح الدين**

**المستخلص**

البحث بالعنوان (العمليات العقلية وفهم بنية النص) العمليات العقلية هي صيرورة التي تحدث في الدماغ حال دخول المنبهات إلى لحظة اتخاذ القرارات وردود الفعل على المنبهات. نحن نفهم التعبيرات اللغوية بطريقة ما كل يوم دون أن ندرك كيف تتم هذه العملية في فهم النص ، يسعى القارئ إلى فهم نية المرسل ، وتتم هذه العملية في العقل. يعتمد ذلك على قدرة الفرد وخلفيته العلمية. في هذه البحث ستتم مناقشة آلية الإدراك والعمليات العقلية في تفسير النص في سياق التداولية العصبية. كما تمت مناقشة دور وأهمية المنطقة المسؤولة عن الإدراك في الدماغ . كل فرد يحكمه العقل ويتم تقييم أفكارنا من قبل العقل، والعقل يتحكم في قراراتنا ، لذا فإن فهم هذه العملية يوسع آفاق تفكيرنا ويخلصنا من العديد من المشاكل. في هذه البحث ، نفترض أن المنطقة المسؤولة عن الفهم تلعب دورا في الفهم، لذا فإن فهمنا سيكون مختلفا في النص. يتكون محتوى البحث من فصلين ، الأول منها مختص بالدماغ والعمليات العقلية ، اما الثانية مختص بالدماغ وفهم النص بطريقة تطبيقية .

**<u>الكلمات الدالة:</u>** العمليات العقلية، الإدراك والعمليات العقلية .

**پرۆسەپرۆسە ئەقڵییەکان و تێگەیشتن لە بنیاتی دەقدا**

(لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکی دەمارییە)

**م.ئاوات ئەحمەد محەمەد صالح**

**زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر**

&

**پ.د.عبدالواحد مشير مەحمود دزەيى**

**زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر**

**پوختە :**

ناونیشانی لێکۆڵینەوە باسەکە بریتییە لە (پرۆسە ئەقڵییەکان و تێگەیشتن لە بنیاتی دەق دا) پرۆسە ئەقڵییەکان بریتییە لەو ڕووداوانەی کە لە ناو دەماغدا دەخولێنەوە لە کاتی چوونە ژوورەوەی وروژێنەرەکانەوە، تا ساتی وەرگرتنی بڕیار و کاردانەوە بۆ وروژێنەرەوەکان. ئێمە ڕۆژانە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەربڕینە زمانییەکان تێدەگەین، بێ ئەوەی درک بەوە بکەین ئەم پرۆسەیە چۆن ئەنجام دەدرێت.، لە بابەتی تێگەیشتن لە دەقدا خوێنەر بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت لە مەبەستی نێنەر بگات، ئەم پرۆسەیەش لە زەین و هۆش ئەنجامدەدرێت. دەوەستێتە سەر توانای تاک و پاشخانە زانستیەکەی .

ئەم باسە لە چوارچێوەی پراگماتیکی دەماری باس لە میکانزمی تێگەیشتن و پرۆسە ئەقڵییەکان دەکرێت لە لێکدانەوەی دەقدا. هەروەها باس لە ڕۆڵ و گرنگی ناوچەی بەرپرس لە تێگەیشتن دەکرێت لە دەماغدا .

هەموو تاکێک ئەقڵی بەڕێوەی دەبات و بیرکردنەوەکانمان ئەقڵ هەڵسەنگاندنی بۆدەکات، ئەقڵیش کۆنترۆڵی بڕیارەکانمان دەکات، بۆیە تێگەیشتن لەم پرۆسەیە ئاسۆی بیرکردنەوەمان فراواندەکات و لە زۆر گرفت و کێشە ڕزگارمان دەکات .

لەم باسەدا گریمانەی ئەوە کراوە، کە ناوچەی بەرپرس ڕۆڵی هەیە لە تێگەیشتن، هەربۆیە تێگەیشتنەکانمان جیاواز دەبێت لەدەقدا، باسەکە لە چوارچێوەی ڕێبازی وەسفی کاردەکات، ناوەڕۆکی باسەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێک : بەشی یەکەم تایبەتە بە دەماغ و

پرۆسە ئەقڵییەکان، بەشی دوەمیش تایبەتە بە دەماغ و تێگەیشتن لە دەق،بەشێوەیەکی کارەکی لەگەڵ ئەنجام و پوختەی باسەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

**وشەی سەرەکی :** پراگماتیکی دەماری، دەق ، گوتار، پرۆسەئەقڵییەکان .

**پێشەکی :**

**ناونیشانی باسەکە :**

ناونیشانی باسەکە بریتییە لە (پرۆسە ئەقڵییەکان و تێگەیشتن لە بنیاتی دەق دا) لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکی دەمارییە .

**سنوری باسەکە :**

ئەم باسە لە چوارچێوەی پراگماتیکی دەماری باس لە میکانزمی تێگەیشتن و پرۆسە ئەقڵییەکان دەکات لە لێکدانەوەی دەقدا، هەروەها باس لە ڕۆڵ و گرنگی ناوچەی بەرپرس لە تێگەیشتن دەکرێت لە دەماغدا .

**گرنگی باسەکە :**

پرۆسەی ئەقڵی لەژیاندا گرنگی خۆی هەیە، چونکە، ئەقڵ تاک بەڕێوەی دەبات و بیرکردنەوەکانمان زادەی ئەقڵن و هەر ئەقڵ هاوسەنگی هێزەکانی ناودەروون دەکات و هەر ئەقڵیشە هەڵسەنگاندن بۆ بیرکردنەوکانمان دەکات بڕیار لەسەر گونجانی بیرکردنەوەکان دەدات .

**ئامانج و گریمانەی باسەکە :**

لەم باسەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە ناوچەی بەرپرس لە تێگەیشتن رۆڵی هەیە لە تێگەیشتن، باسەکە بەمەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئامادەکراوە :

+ پرۆسە ئەقڵییەکانی تێگەیشتن چین ؟

+ رۆڵی پراگماتیکی دەماری چییە لە پرۆسەی ئەقڵی تێگەیشتندا ؟

+ بۆچی تێگەیشتنەکانمان لەدەقدا جیاواز دەبێت ؟

+ هۆکاری جیاوازی لە تێگەیشتن بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

**رێبازی باسەکە :**

باسەکە لە چوارچێوەی رێبازی وەسفی کاردەکات و پشت بە مۆدێلی (جۆدس ئایرۆن Judith W. Irwin) دەبەستێت.

**ناوەرۆکی باسەکە :**

باسـەکە جـگە لە پێشـەکی و ئەنجـام لە دوو بەش پێکهـاتووە : بەشـی یەکەم تـایبەتە بە دەمـاغ و پرۆسە ئەقڵییەکان ، ئەم تەوەرانە لەخۆ دەگرێت : سەرەتا، قۆناغەکانی پرۆسە ئەقڵییەکان، دەق و گوتـار، بەشـی دووەمـیش تـایبەتە بە کـارکردنی دەمـاغ لە تێگەیشـتنی دەق، ئەم تەوەرانە لەخـۆ دەگرێـت : پرۆسـەی تێگەیشـتن، چـۆن پرۆسـەی تێگەیشـتن روودەدات، کـارکردنی دەمـاغ بـۆ تێگەیشتن لە دەق، لە کۆتایشدا ئەنجام و پوختەی بابەتەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراوەتەروو .

**بەشی یەکەم : دەماغ و پرۆسە ئەقڵییەکان (**Mental Operations**):**

**١-١- سەرەتا :**

لە ئەنجامی گەشەی دەروونـاسی زانین و زانستی دەماری و فەلسەفەی ئەقڵ توانرا لێکدانەوە بۆ توانای ئەقڵی مرۆڤ و چاڵاکی دەماغ و چۆنییەتی کارکردنی بدۆزنەوە. ئێمە رۆژانە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەربڕینە زمانییەکان تێدەگەین، بێ ئەوەی درک بەوە بکەین ئەم پرۆسەیە چۆن ئەنجام دەدرێت، پرۆسە ئەقڵییەکان بریتییە لەو روداوانەی، کە لە ناو دەماغدا دەخولێنەوە لە کاتی چوونە ژوورەوەی وروژێنەرەکانەوە، تا ساتی وەرگرتنی بڕیار و کاردانەوە بۆ وروژێنەرەوەکان .

پرۆسـەی ئەقڵـی بنچینـەی ژیـانە و مـرۆڤ لە ژیـانی رۆژانەیدا لە کـردە جەسـتەیی و زەینییەکـان پشتی پێدەبەستێت و شارەزاییەکانی پێشووتری بەکاردێنێت بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرەکەی بۆ ئەم مەبەستەش بۆ بڕیاردان پشت بە پرۆسـەی ئەقڵـی دەبەستێت (علي يوسف حسين:٢٠١٥: ٨١-٨٢) هەر پرۆسـەیەکی ئەقڵـی پشـت بە پرۆسـەی ئەقڵیتـر دەبەسـتێت وەک: سـەرنجدان ، بیرکەوتنەوە ئەندێشـەکردن ، بیرکـردنەوە، ئەم پرۆسـەیەش دابەشـدەبێت بـۆ چەنـد قۆنـاغێـک (وجیة محجوب:٢٠١٤: ٣٥).

**١-٢- قۆناغەکانی پرۆسە ئەقڵییەکان :**

**١-٢-١- قۆناغی هەستکردن :**

هەستکردن لە ئەنجامی کاریگەرییەکانی وروژێنەرەکان دورست دەبن، پرۆسـەی هەسـتکردن بەنـدە بە توانـای هەسـتەکانی مـرۆڤ و تواناکـانی کۆئەنـدامی دەمـاری . هەسـتکردن هەر پێـنج هەستەکانی مـرۆڤ دەگرێتەوە کە درکپێکەر بـۆ مێشـک دەیگوازێتەوە وەک هەسـتەکانی بینـین و بیستن و بۆنکردن و تامکردن، بەم پێیە هەستەکان دەبنە بنەمای سەرەکی درکپێکردن .

**١-٢-٢- قۆناغی (سەرنجدان) :**

ئەم قۆناغە بە سەرنجدان لە وروژێنەرەکان دەستپێدەکات کە بریتییە لە ئامادەکردنی هەستەکان بۆ وەرگرتنی وروژێنەرەکان، کە ڕاکێشانی تاکە بۆ شتێکی دیاریکراو، سەرنجدان پەیوەستە بە هەستەکانەوە، بە تایبەتی هەردوو هەستی بینین و بیستن . سەرنجدان پرۆسەیەکی ئەقڵییە لە ڕێگەیەوە جەخت لەسەر یەک وروژێنەر دەکرێت بە مەبەستی گواستنەوەی بۆ سیستەمی درکپێکردن هەموو کردەیەکی سەرنجدان هەر جۆرێکبێت لەسەر بنەمای، سەرنجکار وسەرنج بۆکراو بنیاتدەنرێت لە دەوروبەرێکدا (محمد بازی:٢٠١٠: ١٧٥) .

سەرنجدانی تاک لە ساتێکی دیاریکراودا تەنها لە بابەتێکی دیاریکراودا دەبێت و ناوەستێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەردەوام دەگوازرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بواری سەرنجدان بوارێکی فراوان و فرە جەمسەرە، لێرەدا دەتوانین بڵێین : سەرنجدان توانای چاوخستنەسەرە لەو مەسەلانەی پەیوەستن بە دەوروبەر، پرۆسەی سەرنجدان دوو ئاستی هەیە :

ئاستی یەکەم :

لەم ئاستەدا سەرنجکار وسەرنج بۆکراو بەریەکدەکەون بۆ ئامانجێک و سەرنجکار توانای خۆی بەکاردێنێت بۆ وروژێنەریتر پشتگوێ دەخات، کە لە دەوروبەرەکەدا هەستی پێدەکات . بۆ نموونە کە دەقێکی شیعری دەخوێنینەوە هەموو توانامان تەرخان دەکەین بۆ جەختکردنە سەر پارچە شعرەکە .

ئاستی دووەم :

ئەو سەرنجدانانەیە کە لە کاتی سەرنجدانی جەختکراوەوە دێنە پێشەوە، کە بیری سەرنجکار پەرشوبڵاو دەکات بۆ نموونە : لێدانی زەنگی مۆبایل لە کاتی خوێندنەوەی شعرەکە یان گریانی منداڵێک یان کەوتنەخوارەوەی تابلۆیەکی دیوار، بەمەش سەرنجکار سەرنجی لەسەر سەرنج بۆکراو لادەدات . سەرنجدان دابەشدەبێت بۆ دوو جۆر :

+ سەرنجدانی مەبەستدار :

ئەم جۆرە بەویستی سەرنجکارە و سەرنجکار بە ئاگاییەوە و هەڵبژاردنی خۆیەتی و سەپێنراو نییە پرۆسەیەکی ناوخۆییە، ئەمەش دەبێتە دووبەشی تر، کە ئەرکیان ئەرێنییە و سەرنجکار بیری خۆی ئاڕاستە دەکات بۆ سەرنج بۆکراو، ئەوەی نەرێنییەکەش سەرنج بۆکراو بیری پەرش و بڵاو دەبێت بیری دەڕوات بۆ شتیتر .

+ سەرنجدانی سەپێنراو :

پەیوەستە بە وروژێنەری دەرەوە، کە خۆی دەسەپێنێت و وا لە سەرنج بۆکراو دەکات جەختکردن و بیری بگوازێتەوە وەک بوونی گریانێک یان مۆسیقایەکی غازفرۆش یان ژانەسکێک لەوکاتەدا، ئەمەش پێی دەگوترێت سەرنجدانی بێئاگایی کە لە دەرەوەی پلاندایە . ئەمەش بەپێی توونـدی وروژێنەری دەرەوە کاریگەری دەگۆڕێت . زۆرجار وروژێنەر زۆرن، بەڵام جەخت دەکرێتە سەر یەک وروژێنەر بەمەش دەگوترێت (جەختکردن) واتە هەڵبژاردنی یەک وروژێنەر ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت پاڵاوتن پاڵ زانیارییە وەرگیراوەکان و جەختکردن لەسەر یەک زانیاری داواکراو بۆ نموونە لە ئاهەنگێکدا وروژێنەر زۆرن، بەڵام دایکێک تەنها جەختی لەسەر منداڵەکەیەتی. کەواتە کۆکردنەوەی هەموو بیرۆکە و پرۆسە زەینییەکانە لە یەکخاڵدا، کە بەرژەوەندی شارەزایی تاک تا بە ئامانج بگەیەنێت، کەواتە ئەم سەرنجدانە پرۆسەیەکە بیر لە دەوروبەر دادەبڕێنێت تا بە وردترین شێوە شارەزاییە جوولەییەکان دەربڕێت .

**١-٢-٣- قۆناغی درکپێکردن :**

وەرگر لە ناو وروژێنەرەکان وروژێنەرەکە لە ناو دەماغدا وەردەگرێت و لە هەموو روویەکەوە بە بەوردی تێبینی دەکات و بە وردی لێی دەکۆڵێتەوە بە پشتبەستن بە زانیاری پێشووتر . تاک لە رێگای هەستە جیاوازییەکانییەوە رووبەڕووی زۆر لە وروژێنەر دەبێتەوە، جا لە دەوروبەری دەرەکی بێت یان ناوخۆیی، کە ناسراوە بە هەستەکان . تاک زانیاری و وروژێنەرەکان دەناسێتەوە ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت درکپێکردن ، بەمەش تاک دەتونێت بڕیار لەسەر بەردەوامبوون یان نەبوون بدات لەسەر ئاراستەکردنی ئاگاییەکانی بۆ وروژێنەرەکان و زانیارییەکان لە درکپێکردن (حامد سليمان حمد:٢٠١٢: ٤٣) .

**هەستپێکردن ← سەرنجدان ← درکپێکردن**

کەواتە درکپێکردن کاردانەوەیە بۆ وروژێنەرە دەرەکییەکان، یان هێما واتادارەکان. بەم پێیە هەستکردن پێش درکپێکردن دەکەوێت و درکپێکردن لە ژێر کاریگەری هەستەکانەوە دێتەبەرهەم، چونکە لە رێگای هەستەکانەوە وروژێنەرەکان دەگوازرێنەوە، درکپێکردن پرۆسەیەکی زەینییە، کە هەستە وەرگیراوەکان لێکدەداتەوە و بەمەش هەستەکان و واتا دەکەونە بەرامبەریەک و لێکدانەوە و روونکردنەوەی لە زەین بۆدەکرێت و واتای پێدەبەخشێت .

**١-٢-٤- قۆناغی گەڕاندنەوەی زانیاری لە یادگە :**

یادگە واتە تۆمارکردن و پاراستن، پەیوەندی بەتینی بە فێربوونەوە هەیە، چونکە زانیاریی و شارەزاییەکانی پێشووتر دەگەڕێنێتەوە، کە لە مێشکیدا هەڵیگرتوون و لە کاتی پێویست دەیانگەڕێنێتەوە و سوودی لێدەبینێت . جا هەرچەندە جەختکردن و راهێنان زیاتربێت بیرچوونەوە کەمتر دەبێت و گەنجینەی زانیاری و چەمکە پارێزراوەکان زیاتردەبێت .

سێ جۆرە یادگەمان هەیە :

+ یادگەی هەستی: ئەم یادگەیە توانای پاراستنی زانیاری لە ١٥ چرکەوە تا ٢٠٣ چرکە هەیە.

+ یادگەی کورتخایەن : ئەم یادگەیە توانای پاراستنی زانیاری لە چەند چرکەیەکەوە بۆ چەند خولەکێک هەیە .

+ یادگەی درێژخایەن: توانای پاراستنی زانیاری لە چەند کاتژمێرێکەوە هەیە تا چەند مانگ و ساڵێك هەیە (رافد مهدي قدوري:٢٠١٢: ٣٤) .

لە یادگەدا دەگەڕێین بەدوای هاوشێوەی درکپێکراوەکان بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە بیرهێنانەوەدەبێت، کە توانای تاکە بۆ گەڕاندنەوەی شارەزایی پێشووتر .

أ- بیرهێنانەوەی کاتەکان :

تاک پرۆسەی بیرهێنانەوە لەسەر بنەمای بەرامبەرکردنی دوو کاتی دیاریکراوی جیاواز ، لە (ئێستا و رابردوو) ئەنجام دەدات، خودی بیرهێنەرەوە لە ئێستایە ، واتە لێرەیە و بابەتی بیرهێنراوەش لە رابردووە، ئەم بیرەوەرییەش بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لە ئێستادا دەگەڕێندرێتەوە، بۆ نموونە گەڕاندنەوەی یادگاری سەرکەوتن لە لە پۆلی دوانزە، ئەم یادگارییە بە هەموو وردەکاتییەکانییەوە لە رووی کات و شوێن و باری دەروونی هاوڕێکان ...هتد دەگەڕێندرێتەوە، بەمەش دەکەوینە نێوان بەرامبەرکردنی دوو کاتی جیاواز، کە تێیدا ژیاوە ئەویش رابردوو و ئێستایە .

ب- بیرهێنانەوەی بەرجەستەیی و هەستییەکان :

پرۆسەی پاراستن لە یادگە لەسەر بنەمای گۆڕینی شتە بەرجەستییەکانە بۆ هەستییەکان بە واتایەکیتر گواستنەوەی بەرجەستەییە بۆ زەین لە رێگای هەستەکانەوە، بۆ نموونە سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات لەکاتێکی رابردوو، ئەم واقیعەی پێشووتر دەکرێتە هێما و دەگوازرێتەوە بۆ زەین وێنەیەکی هەستی و هۆشەکی بۆ دورستدەبێت و هاوپێچ لەگەڵی دەنگ و دەربڕین و هەست ئامادەدەبن .

ج- بیرهێنانەوەی بنیاتی :

له هەر پرۆسەیەکی بیرهێنانەوە تاک هەوڵدەدات دانەیەکی راستی دیارده و رووداوەکان، کە پێشتر لە یادگەدا تۆمارکراون ئامادە بکات، بەشێوەیەکی نزیکی نەک تەواو (محمد قاسم عبدالله:١٩:٢٠٠٤) ، چونکە بیری تاک ئاوێنەیەکی راستەقینە نییە و وەگرێکی نەرێنییە لەبەر ئەوەی تێکەڵی هەست و سۆزی دەبێت ئەوا بە هەڵبژاردەیی ئەوە تۆماردەکات، کە لای پەسندە و زیاد و کەمی دەخاتە سەری (محمد عثمان نجاتي:١٩٨٠: ١٨٦) . ئەم جۆرە بیرهێنانەوە فلتەرکراوە و زۆر لە واقع نزیک نییە .

**١-٢-٥- قۆناغی بیرکردنەوە :**

ئەم قۆناغە پێویستی بە ئەندێشەکردن و نەرمی و زیرەکی دەبێت، بیرکردنەوە رەنگدانەوەی کرۆکی رواڵەتەکانە . پەیوەندی نێوان شارەزاییەکان دەگوازێتەوە و بەراورد و لێکدانەوەیان بۆدەکات . بیرکردنەوە بەئاگایی و بێئاگایی دەبێت لەسەر بنەمای بەرئەنجام و دەرەنجام بۆ نزیکبوونەوە لە راستی ئەنجام دەدرێت. ئەم قۆناغە بە سێ هەنگاودا دەڕوات :

**١-٢-٥-١- قۆناغی بەرامبەرکردن :**

لەم قۆناغەدا درکپێکراوەکان لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە زەیندا بەراورددەکرێن تا بزاندرێت لەیەکدەچن یان نا ئەگەر لە یەکچوون ئەوا بۆ قۆناغیتر دەڕوات ئەگەر لەیەکیش نەچوون ئەوا ناناسرێتەوە بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە (رافع النصير الزغلول وعماد عبد الرحيم الزغلول:١١٩:٢٠١٤) .

خودی بیرکەرەوە بیرکردنەوەکانی بەراورد دەکات لەگەڵ واقع، بە واتایەکیتر ئەنجامی بیرکردنەوەکانی دەکاتە واقع، تا دڵنیابێتەوە لە ڕاستی و ناڕاستی، بەم پێیە بابەتی بیرکردنەوە پەیوەستە بە شتێک لە دەرەوەی خود و ئەگەری پشکنین و تاقیکردنەوەی هەیە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش پێی دەگوترێت بیرکردنەوەی تاقیکردنەوەیی، کە بەندە بە وەکیەکی لەگەڵ واقع لە لایەک، پێوەری لۆجیکیش لە لایەکیتر (كامل محمد محمد عويضة:١٩٩٦: ١٣).

هەنگاوەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بریتیە لە هۆشیاربوون بە بوونی کێشە و دیاریکردنی و شیکردنەوەی بنەماکانی و گریمانەدانان بۆی و دواتر لێکۆڵینەوە لە گریمانەکان گفتوگۆکردن لەسەری تا بڕیاری کۆتایی لەسەر بدرێت (عبد الرحمان عيسيوي:١٩٨٤: ١٧٩-١٨٠). بۆ نموونە کاتێک قوتابییەک لە تاقیکردنەوەکدا دەکەوێت، باوکی بەدوای هۆکاری دەرەکیدا دەگەڕێت و پەیوەندیدەکات بە کارگێری قوتابخانە و مامۆستای بابەت و هاوڕێکانی قوتابی تا هۆکاری سەرەکی بۆ روونبێتەوە چەند راستییەک بەدەست دێنێت وەک : نەبوونی ئارەزووی خوێندن لای

منـاڵەکەی، یـان توشبوونی بە گرفتـی دەروونـی و سۆزداری وەیـا بـوونی کێشـەی کـۆمەڵایەتی و دواتر باوکەکە هۆکاری سەرەکی دەستنیشان دەکات و بەدوای چارەسەری گونجاودا دەگەڕێت .

**١-٢-٥-٢- قۆناغی شیکردنەوە :**

لەم قۆناغەدا هەستپێکراوەکان هاوشێوەیان لە مێشـک هەیە لەگەڵ چەمـک و وێنە وەرگیراوەکـانی پێشـوو، کە لە مێشـک هەڵگیـراون، ئینجـا بەراوردی دەکـات لەگەڵ زانـراو و نەزانـراو و خـاڵی هـاوبەش و جیاوازەکـان بەراورد دەکـات و جیـای دەکـاتەوە لە وێنەی هاوشێوە، خـودی بیرمەنـد لە هەوڵدایە خۆی بکاتە تەوەرەی راستی و ناڕاستی بۆچوون و بیرۆکەکەی بە پێـی ئەو باکڕاونـدەی کە هەیەتی لە رووی ئاین و کەلتوور و رۆشنبیری کۆمەڵایەتی، بەم پێیە ئەم جۆرە بیرکـردنەوەیە لەسەر بنچینەی وەکیەکی لەگەڵ بیرۆکەی خـود بەراورد دەکرێت. (کامل محمد محمد عویضـة:١٩٩٦: ١٣). بەواتـایەکیتر گەڕانەوەیە بـۆ ئەو بیـرەی، کە خـود بـاوەڕپێیەتی و راسـتییە زانسـتییەکان و واقیعییەکان لە لای خود پشتگێدەخرێت . بۆ نموونە کاتێک قوتابییەک لە تاقیکردنەوەکدا دەکەوێت، باوکی گوێنەداتە هۆکارە دەرەکییەکان ، بێ گەڕانەوە بۆ پاساوی قوتـابییەکە و کـارگێڕی قوتابخـانە و مامۆستای بابەت لە مناڵەکەی دەدات و بە کەتەرخەم ناوزەندی دەکات .

**١-٢-٦- قۆناغی وەرگرتنی بڕیار و ڕاپەڕاندن :**

لە ئەنجـامی کـارلێککردن لە نێـوان یـادگە و وروژێنەرەکـان و دوای شـیکردنەوەی زانیـارییە پێـدراوەکان و بەرامەرکردنیـان سـیما گشـتییەکان و تایبەتییەکـانی لامـان روونـدەبێت ئەوا بڕیـار لەســەر راســتی و دورســتی دەدرێــت . (رافــع النصــیر الزغلــول وعمــاد عبــد الــرحیم الزغلـول:١٢٢:٢٠١٤) لەم قونـاغەدا هەڵبـژاردن و بڕیـاردان دەسـتپێدەکات دوای کـارلێککردنی نێـوان وروژێنەرەکـان و ئەوزانیارییـانەی کە لە یادگەمانـدا مـاون، وەرگـر دەگـاتە بڕیارێـک، کە بە گونجـاوی دەزانێـت بـۆ کـاردانەوە، ئەمەش پـاش لێکدانەوە بڕیـاری لەسـەر دەدرێت (رافد مهـدي قدوري:٢٠١٢: ٣٥)، ئینجا رادەپەڕێندرێت .

**١-٣- دەق و گوتار** (Text-Discourse) **:**

دەق (text) لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە پێناسە و بۆچوونی جیاوازی لەسەرە گرنگترینیان :

-جۆن دێوی (J.Dubois) دەق کۆمەڵێک دەربڕینی زمانییە دەتواندرێت شیبکرێتەوە و نموونەیەکی رەفتاری زمانییە، کە لە شێوەی نوسراو و یان گۆکراودایە(J.Dubois:1982:486) .

- هارتمــان (Hartmann) لە پێناســەی دەقــدا دەڵێــت : پــارچەیەکە واتــادار و خــاوەن ئەرکە و پارچەیەکی بەرهەمدارە لە زمان و بۆ ئامانجێک بەرهەمهاتووە (Hartman:1968:100)

- گالیسون (Galisson) : دەق کۆمەڵێک دەربڕینی نووسراوی واتاداری تەواو و سەربەخۆیە (Galisson&Coste:1976:560) .

- جۆلیا کرستیڤا (Cristiva) دەڵێت : دەق پرۆسەیەکی بەرهەمییە (Kristya :1981:7).

- رۆلان بارت (R.Barthes) : دەق چالاکی و بەرهەمە، هێزێکی گۆڕاوە . ئاسایی تێدەپەڕێنێت واقعێکی دژە، بەربەرەکانێ لەگەڵ سنوور و ئاساییبوون دەکات (صلاح فضل:٢٠٠٣:٢١٣) .

لەم پێناسانەی سەروە بۆمان دەردەکەوێت پرۆسەیەکی بەرهەمدارە رێکخراوە لە یەکەیەکی واتایی و ئەرکێکی تایبەتی هەیە بەمەبەستی گەیاندن و ئاوێتەبوون ئەنجامدەدرێت.

گوتاریش(Discourse) بە هەمان شێوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە :

- گوتار دەقی بەکارهێنراوە لە دەوروبەردا (Fromkin:1983:195) .

- هاریس Z.Harris پێی وایە دەربڕینێکی درێژە یا زنجیرە رستەیەکی بەدوایەکداهاتووی داخراوە

- بنفنست(E.Benvenist)هەموو دەربڕینێك گریمانە بكا، قسەکەر و گوێگری هەیە و بە شێوەیەك، قسەکەر کاریگەری لەسەر گوێگر هەبێت بە گوتار دادەنرێت .

- میشێل فۆکۆ (Mechal Fouco) گوتار بریتیە لەو دەق و دەربڕینانەی، کە کۆی واتای وشە و سیستەمی بنیات و بنیاتی لۆجیکی و رێکخستنە رۆنانییەکان لەخۆ دەگرێ (اكرام بن سلامة:٢٠٠٨: ١٢).

- (ئولیڤی رۆبۆ) ی فەرەنسی دەڵێت : گوتار چەند واتایەك دەگەیەنێت :

أ- واتای بڵاو : گوتار کۆمەڵێ رستەی گۆکراوی گونجاوە .

ب- واتای زمانی لادراو : گوتار بریتییە لە زنجیرە رستەیەك، کە پەیامی لێ پێکهاتووە.

ج- واتای زمانی فراوان : گوتار پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پەیام لە نێوان ئاخێوەران ، کە هاوبەشی زمانی لە نێوانیاندا هەیە (أوليفيي روبو:٢٠٠٢: ٤١) .

- دیبوگراند : هەموو یەکەیەکی ئاخاوتن دەگرێتەوە، کە خزمەت بە ئامانجی گەیاندن بکات (اكرام بن سلامة:٢٠٠٨/٢٠٠٩: ١٨). هەرچەندە لای هەندێ لە زمانەوانەکان (جینیت،وتودوروف و فاینریش) دەق و گوتار جیاوازی نییە (بهاءالدين محمد مزيد:٢٠١٦: :٢٥)، بەڵام جیاوازیشیان هەر هەیە، چونکە دوو زاراوەی جیاوازیان هەیە، هەروەک لە پێناسەکادا دەرکەوت، گوتار گریمانەی بوونی گوێگرێک دەکات کە ئەم گوتارە وەردەگرێت، لە کاتێکدا دەقەکە ئاراستەی وەرگرێکی نەبوو دەکرێت، کە لە رێگەی خوێندنەوە وەریدەگرێت، واتە گوتار چالاکیەکی پەیوەندییە کە لەسەر بنەمای زمانی قسەکردن دامەزراوە ، لە کاتێکدا دەق تۆمارێکی

نووسراوه، واته، زمانی زارەکی پیت بەرهەم دەهێنێت، لە کاتێکدا نووسین دەق بەرهەم دەهێنێت . گوتار لە گوێگرەکەی تێناپەڕێت بۆ ئەوانی تر، واتە بەستراوەتەوە بە ساتەوەختی بەرهەمهێنانییەوە ، لە کاتێکــدا دەقەکە هەمیشـــەیی نووســـینی هەیە، وەک چـــۆن لە هەمـــوو کـــات و شـــوێنێکدا دەخوێندرێتەوە و بەو پێیەش هەریەکەیان دیاری دەکرێن بە ئاماژەدان بەو کەناڵانەی، کە بەکاریان دەهێنێت، دەقەکە سیستەمێکی هێڵی بەکاردەهێنێت، هەربۆیە بەردەوامییەکەی لە کات و شوێندا کرۆکییە .

**بەشی دووەم : کارکردنی دەماغ لە تێگەیشتن لە دەق :**

**٢-١- پرۆسەی تێگەیشتن :**

تێگەیشتن نزیکترین زانست لێی زمانەوانی دەروونییە کە پێی وایە : پرۆسەیەکی کارلێکە لە نێوان خوێنەر دەق و دەوروبەر، خوێنەر واتا بەرهەمدێنێت لە ڕێگای لێکدانەوەی ناوەرۆکی دەق پشتبەستوو بە زانیاریی کەسی و پاشخانی رۆشنبیری (Bloom:1979:73) .

ئەم پێناسەیە لەگەڵ بۆچوونی (فرانک سمیس Frank Smith) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت : تێگەیشتن پرۆسەیەکی واتا پێدانە بۆشتەکان و وای بۆ دەچێ واتا لە دەقەوە بۆ خوێنەر نایەت، بەڵکو خوێنەر واتا بە دەق دەدات (Grebot: 1994:7 ) .

ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی دەق و پلەکەی دیاری دەکات روونی ناوەرۆکی دەق نییە. بەڵکو توانای خوێنەر و شارەزایی و پاشخانی زانستییەتی، بۆ ئەم مەبەستەش توانستی پراگماتیکی و توانای مێشکی قسەکەر رۆڵی کاریگەریان دەبێت. چونکە زوربەی واتاکان هەڵێنجراو و شاراوەن هەربـــۆیەش پێـــدانی واتـــایە بە دەق بە ئەرکـــی دەمـــاغ دادەنرێـــت زۆر جـــار واتـــای وای لـــێ هەڵـــدەهێنجرێت لەوانەیە مەبەســـتی نوســـەر نەبووبێـــت، کەواتە پرۆســـەی تێگەیشـــتن بەرهەمـــی پرۆسەی زەینییە، کە واتا بە دەق دەدات وەیا واتا بەرهەم دێنن ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ توانای زەینی وەرگری دەق و گوتار .

**٢-٢- چۆن پرۆسەی تێگەیشتن روودەدات ؟**

بۆ چۆنییەتی پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق سێ نموونەمان لەبەر دەستە کە ئەمانەن :

**٢-٢-١- نموونەی ئەنتوان دولا جاندوری (**Antoine De La Garanderie **) :**

ئەم توێژەر گرنگی بە سروشتی چالاکی زەینی دەدات لای قوتابی لە پرۆسەی فێرکردندا دەدات و پێی وایە پرۆسەی تێگەیشتن بەندە بە دوو بنەمای سەرەکی : دابڕێژەوە:

یەکەم : ئامانج :

دەبێت قوتابی ئامانجێکی هەبێت تا پێی بگەین و هەوڵی بۆ بدەین، بە بێ ئەو بنەمایە پرۆسەی تێگەیشتن نایەتە ئاراوە .

دووەم : دروستبوونی وێنەی زەینی :

لە پرۆسەی فێربوون قوتابی پێویستە هەستەکانی بینین و بیستنی دورست و تەواو بێت؟ لە ئەنجامی خوێندنەوە وەیا روونکردنەوەی مامۆستا، بە واتایەکی تر قوتابی زانیاری وەرگیراو وەردەگێڕێت بۆ وێنەی زەینی . ئەم وەرگێڕانە زەینییەش پرۆسەیەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی بابەت و تۆمارکردنی لەناو یادگە، بەمەش پێویست دەکات پەیوەندییەکی دیاریکراو بدۆزرێتەوە لە نێوان پێدراوە ئەمباربووەکان و پێدراوە نوێیەکان، بەبێ ئەم کردەیە ناتوانین ناوەرۆکی هیچ بابەتێکی زانستی بگۆڕین بۆ وێنەی زەینی .

**٢-٢-٢- نموونەی جۆدس ئایرۆن** (Judith W. Irwin) **:**

ئایرۆن پێی وایە تێگەیشتن پرۆسەیەکی زەینییە کە خوێنەر واتا بەدەق دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش چوار قۆناغ بۆ تێگەیشتن لە واتای دەق و گوتار دەستنیشان دەکات:

**قۆناغی یەکەم : پرۆسە زەینییە بچووکەکان :**

تێگەیشتن لە وشە و رستە دەگرێتەوە و لە رێگەیەوە دەتوانین واتای وشەکان بەیەکەوە وەرگرین و تێبگەین .

**قۆناغی دووەم : پرۆسەکانی تەواوکاری و لێکدان :**

ئەم قۆناغە یارمەتیدەرە بۆ گەڕان بە دوای پتەوی و گونجانی لە نێو رستەکانی دەقدا .

**قۆناغی سێیەم : پرۆسە زەینییە گەورەکان :**

لەم قۆناغەدا ئامانج تێگەیشتنی کۆواتای دەقەکەیە بە شێوەیەکی یەکگرتوو، لە رێگای پێکهاتەکان و بەشەکانی دەق و ناسینەوەی بیرۆکە سەرەکییەکان .

**قۆناغی چوارەم : پرۆسەی هەڵێنجانی واتای نوێ :**

لەم قۆناغەدا خوێنەر لە رێگای بەرەنجام و دەرەنجام و هەڵێنجان واتایەکی نوێ دەداتە دەقەکە پشتبەستوو بە توانای کەسی و گریمانەکردن .

**٢-٢-٣- نموونەی باتریسا کارێل** (Patricia L. Carell) **:**

ئەم نموونەی تێگەیشتنە دەچێتە چوارچێوەی تیۆری مۆدێلەکان و پێی وایە خوێنەر بە مەبەستی تێگەیشتن بەدوو پرۆسە هەڵدەستێت کە لە رووی ئاڕاستەوە جیاوازن (Schmit:1982:33) :

**یەکەم : ئاڕاستەی خوارەوە بۆ سەرەوە :**

تاک لەم ئاڕاستەیەدا پشت بەستوو بە ئەزموونی پێشتر زانیاری و شارەزایی خۆی واتای پێشینە دەدات بە ناوەرۆکی دەق، دواتر خوێنەر واتاکان بەراورد دەکات بە مەبەستی دوورخستنەوەی واتا گریمانەکراوەکان . لەم ئاڕاستەیەدا بەشێوەیەکی روون چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مێشک رۆڵیان دەبێت لە کاتی خوێندنەوە و دوو جۆرە پرۆسەی زەینی ئەنجام دەدرێت :

+ پێکهێنانی واتای پێشینە دەربارەی ناوەرۆکی دەق :

+ پشکنینی ناوەرۆکی دەق بۆ دڵنیابوونەوە لەم بۆچوونانە .

پرۆسەی تێگەیشتن لەم ئاستەدا کرۆکی پرۆسەی خوێندنەوەیە، چونکە لە رێگای خوێندنەوە گریمانەی واتایی بۆ ناوەرۆکی دەق دروست دەبێت و ئەو گریمانەیەش بەردەوام دەبێت تا لە مەبەستی نووسەر دەگات .

**دووەم : ئاڕاستەی سەرەوە بۆ خوارەوە :**

لە رێگای یەکە واتاییەکانەوە ئەنجام دەدرێت و دواتر ناوەرۆکی یەکە زمانییەکان بەراورد دەکات لەگەڵ زانیارییەکانی خۆی بۆ شارەزابوون لە گونجاوی واتاکەی دەق . ئەمەش بە پێی بۆچوونی (Gérard Vigner) رۆڵێکی لاوەکی دەبینێت لە تێگەیشتن .

لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی تێگەیشتن ئەو پرۆسە زەینیانەیە کە خوێنەر ئەنجامی دەدات، نەک توانای زمانی، چونکە رۆڵێکی لاوەکی دەبینێت لە تێگەیشتن . تاک لە پرۆسەی خوێندنەوەدا چەندین پرۆسەی زەینی ئەنجام دەدات و پاشخانی زانستی خۆی بەکاردێنێت بۆ لێکدانی زانیارییەکان و هەڵێنجانی واتای نوێ(Carel:1990:29).

(فرانک سمیس) پێی وایە پرۆسەی خوێندنەوە پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت، کە لە رێگای بینینەوە لە دەق وەریدەگرێت لەگەڵ ئەو زانیاریانەی دەربارەی بابەت، کە لە مێشکیدا هەڵگرتوون، کە بە پێکهاتەی زەینین (Le Gendre:1993:64) .

ئەم بۆچوونەی فرانک ئەوە دەگەیەنێت کۆئەندامی بینین رۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی خوێندنەوە، ئەرکی بریتییە لە وەرگرتنی وروژێنەرەکان و ناردنیان لەسەر شێوەی لەرەلەری دەماری بۆ دەماغ، واتە وروژێنەرەکان بێ بوونی دەماغ هیچ واتایەکیان نابێت . هەر لەم بارەیەوە (میشال شمیت M.P.SCHMITT) و (ئالان ڤیالا A.VIALA) پێیان وایە خوێندنەوە پرۆسەی

درکپێکردنی کۆمەڵێک ئاماژەی بینراوییە کە واتادار نییە بێ توانا دەماغییە کەسییەکان، کەواتە خوێنەر ئەگەر شێوازی کارکردنی کۆئەندامی بینین و دەماغ کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی تێگەیشتن لە واتای دەق

(فرانک سمیس) ئاماژە بۆ میکانزمی کۆئەندامی بینین دەکات دەڵێت: بەکارهێنانی شێوازی خوێندنەوە وشە دوای وشە رێگا بە دەماغ نادات چارەسەری هەموو وشە وەرگیراوەکان بکات بۆیە پێویستیمان بە خوێندنەوەی گشتی دەقەکە دەبێت (Vigber:1979:93) واتە خوێنەر پێویستە هەڵسێت بە پرۆسەی رووپێوی کۆمەڵێ وشە لەیەک کاتدا، لەم بارەدا دەماغ دەتوانێت چارەسەری زانیارییە وەرگیراوەکان بکات و واتای دەقەکە تێبگات .

**٢-٣- کارکردنی دەماغ بۆ تێگەیشتن لە دەق :**

لە پرۆسەی تێگەیشتن بەشی سەرەوەی لای چەپی مێشک چالاکە، زیاتر بەم کارە هەڵدەستێت، لێرەدا دەقێک وەردەگرین و بە پێی مۆدیلی (ئایرۆن) شیدەکەینەوە بۆ تێگەیشتن، .

**٢-٣-١- شرۆڤەی دەق :**

(( دڵم پێمدەڵێت نەخۆشییەک بڵاوبۆتەوە وادەکات
هیچ شتێک نرخی نەبێت، هیچ شتێک ..... خەڵکی
باشترین کتێب ناناسنەوە، گرنگترین نوسین
فەرامۆشدەکەن، گرنگتین ڕوداو بەسەریاندا
تێدەپەڕێت، هەمیشە بۆ بەهانەیەک دەگەڕێن خۆیان
بدزنەوە، هەر شتێک کۆمەکیان بکات خۆیان لە
حەقیقەت بشارنەوە، خۆیانی دەدەنە دەست. چۆن
خۆیان لە نەخۆشی دەپارێزن خۆشیان لە کتێب و
بیرکردنەوە دەپارێزن، بەردەوام هەڵپەیانە شتەکان .
زووتێپەڕن و بیربچنەوە، گەر بشیانەوێت شتێێک
بزانن بۆ بۆ ئەوەیە دەمودەست فەرامۆشی بکەن . هەر
شتێ ماوەیەک ئاسودەییان بشێوێنێت، خێرا دەیخەنە
زبڵخانەی ژیانەوە... دەمەوێت بزانم خەڵکی ئەم
شارە بۆ وایان لێهاتووە، نازانم ئایا من شتەکان ڕاست

دەبینم یان بەهەڵەداچووم، نەخۆشم یان نا ؟ ))

لێرەدا شرۆڤەیەکی بابەتیانە بۆ ئەم دەقە دەکەین :

(نووسەری ئەم دەقە دوای درکپێکردن و بیرکردنەوەیەکی زۆر بۆچوونەکانی وەک گومانێک دەخاتە بەردیدی خوێنەران و پرسیارێک دەکات بۆ یەکلاییکردنەوەی بۆچوونەکەی ئایا خەڵک نەخۆش و هەڵەن یان من ؟ کرۆکی بۆچوونەکەی گەیشتۆتە ئەوەی و بڕیاری کۆتایی بدات و قسەبکات، دەرباری بێ نرخبوونی بەهاکان و سەرقاڵبوونی تاک بە تەکنەلۆجیاو و پارە و چێژی توخمی، ئەمانە وایکردوە تاک زۆر شت فەرامۆش بکات لەوانەش هاورێیەتی کتێب، بەهای کۆمەڵایەتی، پرەنسیب و بیرکردنەوەی دورست... هتد . نووسەر بەراوردێکی رابردوو و ئێستا دەکاتن بە تایبەتی لە شار کە ئێستا هیچ شتێک نرخ و بەهای نەماوە، تاکی کورد خەوێنراوە وەیا سڕکراوە . نووسەر ئاگادارمان دەکاتەوە لە زەنگێکی مەترسیدار، کە ئەم ناوشیارییەی تاک وادەکات خۆیان لە پرەنسیبە کۆمەڵایەتییەکان و مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوایەتی و چارەنووسسازەکان بدزنەوە بە پاساوی نالۆجکی، چونکە تاک وا راهێنراوە ئەم ناهوشیارییەی تاک بە بەرنامە کاری لەسەر کراوە کە کەسانی هوشیار و رۆشنبیر بەربەرەکانییکرێن تا گەل وشیار نەبێتەوە، چونکە هوشیاربوونەوەی گەل دەبێتە رێگر لەبەرامبەر گەندەڵی و نادادی و بەرژەوەندی تایبەت.

ئایرۆن پێی وایە تێگەیشتن پرۆسەیەکی زەینییە کە خوێنەر واتا بەدەق دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش چوار قۆناغ دەستنیشان دەکات بۆ تێگەیشتن لە واتای دەق کە بریتین لە :

**٢-٣-١-١- پرۆسە زەینییە بچووکەکان (جەختکردن لەسەر دەق) :**

تێگەیشتن لە وشە و رستە دەگرێتەوە و لە رێگەیەوە دەتوانین واتای وشەکان بەیەکەوە وەرگرین و تێبگەین . ئەم دەقە وەک هەنگاوی یەکەم دراوەتە بەر دیدی خوێنەران، بێگومان (هەستی بینین) رۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆ گواستنەوەی نووسراوی ئەم دەقە بۆ مێشکی خوێنەر، سەرەتا ئەم دەقە دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەر و چاو دەخاتە سەر رستە و گوتنەکانی ناو دەقەکە، هەوڵ دەدات توانای خۆی بەکاربێنێت بۆ تێگەیشتنی تەواو و بۆیەش وروژێنەری تر بشتگوێ دەخات، کەواتە جەختکردن کۆکردنەوەی هەموو بیرۆکە و پرۆسە زەینییەکان لە یەک خاڵدا تا بە ئامانج بگات، بۆیەش دەیەوێت بیر لە دەوروبەر دادەبڕێنێت تا بە وردترین شێوە دەقەکە بخوێنێتەوە و بە ئامانج بگات. (لێرەوە ئێمە زانیاری ئەوەمان لانییە کە لە کاتی سەرنجدانی ئەم دەقە چی رویداوە) بێگومان دەشبێت جیاوازی هەبێت لە سەرنج دانەکان .

**٢-٣-١-٢- پرۆسەکانی تەواوکاری و لێکدان (پشکنینی دەق) :**

ئەم قۆناغە یارمەتیدەرە بۆ گەڕان بە دوای پەتەوی و گونجانی لە نێو رستەکانی دەق . لەم قۆناغەدا پشکنین بۆ گەڕانەوەی جێناوەکان و پەیوەندی نێوان رستەکان دەکرێت لەگەڵ بەکارهێنانی گونجاوی وشەکان لە شوێنی خۆیدا و نەبوونی دژایەتی نێوان بیرۆکەکان، ساغکردنەوەی لێلییەکان درکپێکردن بە بیرۆکەکان . لەم دەقەدا هیچ تێبینییەکمان نییە دەربارەی گرفتی زمانەوانی و پتەوی دەقەکە .

**٢-٣-١-٣- پرۆسە زەینییە گەورەکان (قوڵبوونەوە لە رۆنانی دەق) :**

لەم قۆناغەدا ئامانج تێگەیشتنی کۆواتای دەقەکەیە بە شێوەیەکی یەکگرتوو، لە رێگای پێکهاتەکان و بەشەکانی دەق و ناسینەوەی بیرۆکە سەرەکییەکان کە پەیامی دەقە . بۆ نموونە پێم وایە بیرۆکەی سەرەکی لای نووسەر (بێ نرخبوونی بەهاکان و سەرقاڵبوونی تاک بە تەکنەلۆجیاو و پارە و چێژی توخمی) .

**٢-٣-١-٤- پرۆسەی هەڵێنجانی واتای نوێ (گەڕان بەدوای ئامانجی دەق) :**

لەم قۆناغەدا خوێنەر واتایەکی نوێ دەداتە دەقەکە لە رێگای بەرئەنجام و دەرئانجام و هەڵێنجانی کەسی و گریمانە و وێنە و پرۆسەی زەینی . ئەویش لە رێگای گەڕانەوە بۆ یادگە، یادگە واتە تۆمارکردن و پاراستن پەیوەندی بەتینی بە تێگەیشتن و لێکدانەوە هەیە، چونکە زانیاریی و شارەزاییەکانی پێشووتر دەگەڕێنێتەوە، کە لە مێشکیدا هەڵیگرتوون و لە کاتی پێویست دەیانگەڕێنێتەوە و سوودی لێدەبینێت . جا هەرچەندە جەختکردن و راهێنان زیاتربێت بیرچوونەوە کەمتر دەبێت و گەنجینەی زانیاری و چەمکە پارێزراوەکان زیاتردەبێت . دوای ئەوەی شرۆڤەکارانی دەقەکە هەریەکەیان لەسەر خاڵێکی گەوهەری وەستان ئەوا پەنا بۆ یادگەکانیان دەبەن تا بزانن لە کۆگای مێشکیان چی لە بارەیەوە دەیزانن تا بە پێی ئەو شارەزاییانەی هەیتیان ئەوا بۆ بابەتەکە بچن، چونکە ئەزموونی خۆیان گرنگە لەم نێوەندەدا .

دەتوانین لەم شرۆڤەیەدا بابەتەکە راکێشینە ناوسیاسەت ( لەو باوەڕەدام بە بەرنامە کار بۆ بێ بەهاکردنی کەسانی رۆشنبیر دەکرێت)، شرۆڤەکار پێدەچێت لە (یادگەی درێژخایەن) و (کورتخایەن) ی شارەزاییەکی باشی لە بواری پرۆسە سیاسییەکان زمانی سیاسەت هەبێت و لە هەمان کاتیشدا هەستی نەتەوایەتی بەرزە و کەسێکی هەستیارە، راکێشانی ئەم دەقە بۆ ناو سیاسەت و کۆمەڵگا خۆدۆزینەوەی خوێنەرە لەناو ئەو بابەتە و ئاوێتەبوونییەتی .

پـاش ئەمە شـرۆڤەكار بڕیـاری كۆتـایی لە سـەر بۆچوونەكـانی خـۆی دەدات، وەرگرتنـی بڕیـار ڕەنگـدانەوەی كرۆكـی ڕواڵەتەكـانە پەیوەنـدی نێـوان شـارەزاییەكان دەگـوازێتەوە و بەراورد و لێكدانەوەی بۆدەكات . بیركردنەوە بەئاگایی و بێئاگایی دەبێت لەسەر بنەمای بەرئەنجام و دەرەنجام ئەنجـام دەدرێـت بـۆ نزیكبـوونەوە لە ڕاپەڕانـدن، پـێش ئەوەی دەسـت بكەیـن بە بیركـردنەوە لە بڕیاردانی دیاریكراو، دەبی بڕیـاردەر سـەرەتا دڵنیابێت لە هەموو هۆكـار و لایەنەكانی پەیوەست بەم پرسە یان كێشەیە و دەبێ دڵنیابێت كە بەتەواوی لە مەسەلەكە گەیشتووە . بۆیە پێویستە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەكان قسـە بكـات ، و زانیـاری پێویسـت كۆبكـاتەوە. بـۆیە نابێـت هەرگیـز بڕیـار بدەین بەبێ ئەوەی هەموو لایەنەكانی مەسـەلەكە بزانین . لە بڕیارداندا دەبێت دوور بكەوینەوە لە بڕیـاردانی بارگـاوی یـان سـۆزداری، چـونكە ئەگەر لە ڕووی سـۆزدارییەوە بڕیاربـدەین ڕەنـگە بڕیاری هەڵەی لێبكەوێتەوە . دیسان دەبێت دوور بكەوینەوە لە بیركردنەوەی بەپەلە ، لە بری ئەوە پێویستە بیركردنەوەی ئەقڵانی بەكاربهێنین، جا بۆ ئەوەی بیریارەكانمان دورست بن، پێویستە بیر لە ڕاستی و دورستییەكان بكەینەوە لەبری ئەوەی بیر لە هەست و ئارەزووەكانی خۆمـان بكەینـەوە . كەواتە بڕیاری دورست و گونجاو پێویستی بە دوو تایبەتمەندییە :

بیرتیـژی : ئامـاژەیە بـۆ هەسـتی غەریزەیـی لە كـاتی بڕیـاردان. ڕەنـگە هەنـدێک وەک هەسـتێكی شەشەم وەسفی بكەن و ڕەنـگە وەک توانـایەكی سـەروو سروشـتی خەیاڵی بـكەن، بەڵام لە ڕاستیدا بیرتیژی لە تێكەڵەیەک لە ئەزموونەكانی پێشوو و بەهـا كەسییەكانەوە سـەرچاوە دەگرێت كە تـاک خاوەنییەتی .

لۆژیـک : بـریتییە لە بەكارهێنـانی ژمـارە و ڕاسـتییەكانی بەردەسـت سـەبارەت بە كێشـەیەک یـان پرسێكی دیاریكراو بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو بۆ چارەسەركردنی. لەوانەیە پرسیار بكەیت كە كام لەم دوو تایبەتمەندییە باشترە لە كاتی بڕیاردان و وەڵامەكەش بە سادەیی هەردووكیانە. ڕەنگە تەنهـا بیرتیـژی بەس نەبێت، بەو پێیـەی تەنهـا پەیوەسـتە بە هەسـتی كەسـییەوە، لە كاتێكدا ڕەنـگە لۆژیـک لایەنـی مـرۆڤیش پشـتگوێ بخـات و سـەرنجی لەسـەر ڕاسـتییە مادییەكـان بێـت، بـۆیە هاوسەنگی لە نێوانیاندا زۆرجار دەبێتە هۆی بڕیاردانی ڕاست و دروست .

**ئەنجام :**

١- میكانزمی وەرگرتنی زمان تایبەتە بە نـاوچەی (ڤێرنیكا) و میكـانزمی گەیاندنی زمـانی تـایبەتە بە نـاوچەی (برۆكـا) بـۆیە هەر كێشـەیەک لە گەیانـدن و وەرگرتنـی زمـان هەبێت دەگەڕێتەوە بـۆ

ئەودوو ناوچەیە .گرفت لە ناوچەی (برۆکا) ئەفازیای دەربڕین دێنێتە ئاراوە، و گرفت لە ناوچەی (ڤێرنیکا)، ئەفازیای وەرگرتن دێنێتە ئاراوە .

٢- هەردوو بەشی دەماغ تێکچڕژاون لە پرۆسەی تێگەیشتن و ئەمبارکردن و بەرهەمهێنانی زمان، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەکان لای زووربەی کەس لە لای چەپ زیاتر روودەدات .

٣- ناوچەکانی دەماغ بەشێوەیەکی تەواو و رێک و ورد چارەسەری زانیارییەکان دەکەن، لە پرۆسەیەکی ورددا زۆر ناوچەی دەماغ تێیدا بەشدارن، بەڵام ناوچەکانی زمان رووبەرێکی فراوان داگیردەکەن .

٤- تێگەیشتن لە دەق دەوەستێتە سەر دورستی دەماغ و ناوچە بەرپرسەکانی، بە تایبەتی (ڤێرنیکا) و لای راست .

٥- تێگەیشتن و لێکدانەوەی باش لە دەق کاتێک دێتە ئەنجام ئەگەر وەرگر خاوەن پاشخانێکی رۆشنبیری بەرزبێت و بیرتیژبێت لە لێکدانەوەکان .

٦- جیاوازی لە تێگەیشتن دەبینرێت بۆ لێکدانەوەی دەق، بۆ ئەمەش زۆر هۆکار هەن، وەک توانای ئەقڵی و ژێرخانی هزری و رۆشنبیری و ئەزموونی خوێنەر .

**سەرچاوەکان :**

**١-سەرچاوە عەرەبییەکان :**


١-اكرام بن سلامة (2008) المنطلقات اللغوية لتحليل الخطاب الشعري في النقد القديم ، الموشح للمرزباني نموذجا،رسالة ماجستيرجامعة تلمسان، الجزائر .

٢-أوليفيي روبو (2002) لغة التربية تحليل الخطاب البيداغوجي، ترجمة عمر أوكان، أفريقيا اللنشر، القاهرة .

٣-بهاءالدين محمد مزيد (٢٠١٦) ادوات تحليل الخطاب، مجله فصول العلميه المحكمه فى النقد الادبى،الهيئه المصريه العامه للكتاب، المجلد (٢٥/١) العدد ٩٧ .

٤-حامد سليمان حمد (٢٠١٢) علم النفس الرياضي ، ط١، دمشق ، سوريا ، دار العراب ودار نور للدراسات والنشر والترجمة .

٥-رافد مهدي قدوري (2012) جوهر التعلم الحركي ، ط 1، مطبعة جامعة ديالى، العراق .

٦-رافع النصير الزغلول وعماد عبد الرحيم الزغلول (٢٠١٤) علم النفس المعرفي،دار الشروق للنشر و التوزيع .

٧-صـلاح فضـل (٢٠٠٣) بـلاغه الخطـاب و علـم الـنص، دار الكتـاب المصـرى، القـاهره و دار الكتاب اللبنانى، ط١، بيروت .

٨-عبد الرحمان عيسيوي (١٩٨٤) علم النفس بين النظريـة والتطبيق،دار النهضـة العربية للنشر و التوزيع.

٩-علي يوسف حسين (٢٠١٥) دراسات متقدمة في علم النفس الرياضي ، ط :١ العراق ، النجف ، دار الضياء للطباعة .

١٠-كامل محمد محمد عويضة (٢٠١٥) سيكولوجية العقل البشري، مراجعه ا.د. محمد رجب بيومى، دار الكتب العلميه. بيروت لبنان، .

١١-محمد بازي (٢٠١٠) تقابلات النص وبلاغة الخطاب نحو تأويل تقابلي، الدار العربيـة ناشرون، ط.1، لبنان .

١٢-محمد عثمان نجاتي (1980) الإدراك الحسي عند ابن سينا: بحث في علم النفس عند العرب، دار الشروق، ط.1، القاهرة .

١٣-محمد قاسم عبد الله (2004) سيكولوجية الذاكرة: قضايا واتجاهات حديثة المجلس الوطنى للثقافة و الفنون و الاداب .

١٤- وجية محجوب (٢٠١٤) التعلم الحركي الذاكرة الدوافع النقل التحفيز اليقظة، دار الكتب المصريه.

**٢- سەرچاوە ئەوروپییەکان :**

1-BLOOM (B.S) ; (1979) Caractéristiques individuelles et apprentissage scolaire, Paris, Fernan Nathan .

2-CARELL ( P. L ) (1990); " Rôle des schémas du contenu et des schémas formels " , le français dans le monde, recherches et application, février – mars

3-GREBOT ( E ) (1994) ; Images mentales et ,stratégies d'apprentissage, Paris, ESF,

4-Hartmann P (1968 ).Textlinguistik als linguistche Aufgabe ,s100

5-J.Dubois et autres(1982) ; Dictionnaire de linguistique et science du langage-Larousse-France-Edition

6-Julia Kristiva (1981) el texto de novela. Trad. Barcelona.

7-LE GENDRE ( R ) (1993) ; Dictionnaire actuel de l'éducation, Montréal, Guérin, marefa.org

8-Michel de Coéffé (1993 )" Guide des méthodes de travail ", Paris, Dunod

9-R. Galisson &D .Coste (1976) ;Dictionnaire de didactique des langue-Hachette.

10-SCHMITT ( M.P ) (1982 ), VIALA ( A ); Savoir – lire, Paris, Didier.

11- VIGNER ( G ) (1979) ; Lire du texte au sens, Paris, CLE international.

Arabic Reference :

1-Abd al-Rahman al-Isawi (1984), Psychology between Theory and Practice, Dar al-Nahda al-Arabiyya for Publishing and Distribution.
2-Ali Youssef Hussein (2015) : Advanced Studies in Sports Psychology, vol. 1, Iraq, Najaf, Dar Al-Diyaa for Printing.
3-Bahaa El-Din Mohamed Mazyed (2016) Discourse Analysis Tools, Fosoul Al-Alamyah Refereed Journal of Literary Criticism, The Egyptian General Book Authority, Volume (25/1) No. 97.
4-Hamed Suleiman Hamad, (2012) Sports Psychology, 1st Edition, Damascus, Syria, Dar Al-Arab and Dar Nour for Studies, Publishing and Translation.
5-Ikram bin Salama (2008) Linguistic starting points for analyzing poetic discourse in ancient criticism, Al-Marzbani's muwashshah as a model, master's thesis, University of Tlemcen, Algeria.
6-Kamel Muhammad Muhammad Awedah, (2015) The Psychology of the Human Mind, review by Prof. Dr. Muhammad Ragab Bayoumi, Scientific Books House. Beirut, Lebanon.
7-Muhammad Bazi, (2010) Contrasting Text and Rhetoric of Discourse towards a Contrastive Interpretation, Al-Dar Al-Arabiya Publishers, Lebanon, 1st edition.
8-Muhammad Othman Najati (1980), Perceptual Perception in Ibn Sina: A Research in Psychology among the Arabs, Dar Al-Shorouk, Cairo, 1st edition.
9-Muhammad Qasim Abdullah (2004), The Psychology of Memory: Recent Issues and Trends, The National Council for Culture, Arts and Literature.
10-Rafi Al-Naseer Al-Zaghloul and Emad Abdel-Rahim Al-Zaghloul, (2014) Cognitive Psychology, Dar Al-Shorouk for Publishing and Distribution .
11-Rafid Mahdi Qaddouri (2012) : The Essence of Motor Learning, 1st Edition, Diyala University Press, Iraq .
12-Robo, Olivier (2002) The language of education, the analysis of pedagogical discourse, translated by Omar Okan, Africa Publishing, Cairo.
13-Salah Fadl Al-Balaghah (2003) Al-Khattab wa Al-Nass, Dar Al-Kitab Al-Masry, Cairo, and Dar Al-Kitab Al-Lubnaani, Beirut, 1st edition.
14-Wajeeh Mahgoub (2014), Motor Learning, Memory, Motivations, Transfer, Motivation, Vigilance, Egyptian Book House.